The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# به بۆنەی 18 ساڵەی بۆردومانی شاری سەردەشتی خۆڕاگرەوە

18 ساڵ لەمەوپێش لە بەرواری 28–6–1987, کاتژمێر 4,30 ئێوارە , 4 فرۆکەی ڕژێمی بەعسی بەغدا, شاری سەردەشتی خۆڕاگرییان بۆردومان کرد , قینی پەنگ خواردوی خۆیان بەسەریدا باراند , لە ئەنجامدا سەدان کەس بوونە قوربانی و زیاتر لە 7200 کەسی دیکەش بریندار بوون , سەرباری ئەوانەی کەس و کاری پێشمەرگە بوون یان ناونوس نەکراون لە ڕیز قوربانییان , یاخود چارەسەری پێویست نەکران .

یەکێك لە کارەساتەکان ئەوەیە دوای مانگێك لەبۆردمانەکە , باوکی یەکێك لە قوربانییان , کە لە بۆردومانەکە ڕزگاری ببوو , لە لایەن ڕژێمەوە ئیعدامکرا , ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی شەهیدان و کۆماری ئیسلامی ئێران دوژمنی سەرسەختی یەکترن .

بەشداری نەکردنی خەڵکی شاری قارەمانی سەردەشت , لە هەڵبژاردنەکانی سەرەك کۆماری ئێران ,باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم شارە تێکۆشەرە , بە زیندوو و قوربانییانەوە , دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێرانن و هەرواش دەمێننەوە .

ئێمە وەك ناوەندی چاك , لەدامەزراندنی ناوەندەکەمانەوە تا ئێستا , بە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر یادی ئەو کارەساتەمان کردۆتەوە , هەروەها یەکێك لە تاوانبارانی ئەوکارەساتەمان بەدادگایی گەیاندووە , کە ئەویش فرانس ڤان ئەنراتە , پەیمان دەدەین هەروا وەفادار بمێنینەوە بەرامبەر بە قوربانیانی ئەم شارە تێکۆشەرە , هاوکات هوشیاری دەدەین بە خەڵکی شاری سەردەشت و کەس و کاری قوربانیان , کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرژەوەندی سیاسەتەکانی خۆی کێسی بوردومانی ئەم شارە بەکار ئەهێنێت . هاوکات داوا لە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات دەکەین , وەك تەماشاکەر نەمێننەوە , ڕێگە نەدەن کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دەست و پێوەندەکانییەوە بۆردومانی شاری سەردەشت لە بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێت , پێویستە موداخەلەی جدی بکەن , هەڵوێستە ساردو سڕەکانی ئەوان لە بەرامبەر خەباتی جەماوەری بە گشتی و جینۆسایدی گەلەکەمان لەو پارچەیەی کوردستان بە تایبەتی زۆر ئێمەی نیگەرانکردووەو جێگەی ناڕەزایەتییە .

شاری سەردەشت شاری هەزاران شەهیدی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە خۆی و قوربانییانییەوە , بە کوردستانی دەمێنێتەوە .

لە کۆتاییدا پێویستە حکومەتی عێراق قەرەبووی زەرەرو زیانەکانی ئەم شارە بکاتەوە .

سەری ڕێزو نەوازش بۆ قوربانییانی شاری سەردەشت و هەموو کوردستان

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد (کۆمیتەی خۆرهەڵاتی کوردستان)–چاك 26–6–2005

www.chak.info